سەروتار



قەرەنی جەمیل

# پەیوەندییە ئێستێتیکییەکانی نێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەب



**گەردوون کتێبێکی یەکجار فراوانە؛ پیتەکانی ئەم کتێبە لە بنەڕەت بە یەک مەرەکەب نووسراوە و لەسەر لەوحێکی ئەبەدی بە پەڕامووچی خودایی نووسراوەتەوە... دیاردە جەوهەرییەکانی خودایی لە نێو "نهێنی نهێنییەکان" خۆیان حەشارداوە، لەبەر ئەوە نازناوی "پیتە لە ئاست دەرچووەکان"ی وەرگرتووە.**

محێدین ئیبن ئەلعەرەبی

هونەری شێوەکاری و ئەدەب (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان)، مۆسیقا ئەو جۆرە کارەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت خودی خۆی بەدیار بخات و ڕاز و نیازە شاراوەکانی دەروونیی پێ ئەنجام بدات. لێرەدا لوغز و نهێنییەکانی بوون و نەمان لای کەسی هونەرمەند و ئەدیب وەک هێزێکی دەروونی کار لە دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ژیان دەکات و جادووی بەدەستهێنانی ئەو ڕاز و نیازانەیە کە مرۆڤ لە پێناویدا دەژی و ململانێی لەگەڵ نەمان بەردەوامە. ئەو هونەرانەش هەریەکە و بە کەرستە و توخمە تایبەتییەکانی، ئەو دیاردە شاراوانەی نێو دەروون بەدیار دەخەن. شێوەکاری دەیکات بە دیمەن بۆ بینین، ئەدەب بە نووسین بۆ خوێندنەوە، مۆسیقا بە ئاواز بۆ گوێگرتن... پەیوەندییەکان ڕۆحین و زۆر لێک نزیکن، دەتوانن یەکتر بخوێننەوە، بەڵام کەرستەی دەربڕین و ئەنجامدانیان جیاوازە.

هونەرمەندی شێوەکار کە تابلۆیەک دادەڕێژێت پێشەکی فکرەیێک لە خەیاڵیدا کەڵکەڵە دەکا، بیری لێ دەکاتەوە چۆن بیکات بە شێوە و ببیندرێت، دوایی کۆمەڵێ سکێشی بۆ ئامادە دەکات تاکو بگات بە ئەنجامی دەست پێکردن، وەک پرۆژەیێکی ئێستێتیکی و پێداویستی ڕۆحی هەوڵی داڕشتنی دەدات. لێرەدا کەرستە ڕۆڵی خۆی دەبینێت، هەر ڕەنگێ لە شوێنی خۆیدا مانای هەیە و تەواوکەری مانای ڕەنگەکانی ترە، هەر فۆرمێک ناوەڕۆکێکی هەیە کە دەکەوێتە نێو چوارچێوە گشتییەکەی تابلۆ، هارمۆنی یا کۆنتراستی نێوان ڕەنگەکان مەرامی فکرەکەیان هەیە، ڕەهەندەکان، ڕەنگە گەرم و ساردەکان، ڕیتمی ڕەنگ و فۆرمەکان، هێڵ، ئاوازی شەپۆلی هەر ڕەنگێ، هەمووی کەش و هەوای تابلۆ پێکدێنن و (وشە و ڕستەی سەر پانتایی تابلۆن بۆ خوێندنەوە). ڕەنگە گەرمەکان وەک سوور، نارنجی، زەرد لە نێو تابلۆدا بەهۆی هێزی لەرینەوەی شەپۆلیان شاڵاو دەبەنە سەر چاو، هێمان بۆ ئەو نیازە ڕادیکالییەی کە فکرە هەڵیدەگرێت، کەچی ڕەنگە ساردەکان، شین، مۆر و تۆنەکانیان بە پێچەوانەی ڕەنگە گەرمەکان لە چاو ڕادەکەن، دووردەکەونەوە و دەکەونە نێو ڕەهەندی سێیەم.

کاندینسکی دەڵێت؛ (هەموو هونەرەکان لە یەک سەرچاوە هەڵدەقووڵێن)، ئەو سەرچاوەیە ڕۆحی مرۆڤ خۆیەتی و ڕێگەکانی دەربڕین کە نووسین و شێوە و ئاوازە بەکاردێنێت بۆ بەرجەستەکردن. تابلۆ وەک شیعر و ڕۆمان و چیرۆک، زەمەنێکی تابتی هەیە کە پێکدێت لە کەش و هەوای سێ ڕەهەندی، لە چوارچێوەی ئەو پانتاییە کە تابلۆیە، ڕیتم و ئاوازی ڕەنگ، تاریکی و ڕووناکی و توخمە تەکنیکییەکان لە نێو گونجانی پەیوەندییە ئێستێتیکییەکان لە تەبایی و ڕێک وپێکی داڕشتنیان، بابەتی ناوەڕۆک کە فکرەیە بەدیار دەخەن. بۆ نموونە لە

شیعردا فکره بۆ خوێندنەوه و وەرگرتنی ئیماژی شێوەی وشەیە، وشه فۆرمی هەیە، ڕستە یا کۆپلەی شیعری لە تەبایی و هارمۆنی نێوان وشەکان فکرەیێکی ئێستێتیکی داڕێژراوه و ڕیتم و ئاوازی ناوەوەی هەیە که ڕێگا بە خوێنەر دەدات ئیماژی بابەتەکەی بە شێوه و دیمەن پێ بگات، واته له خەیاڵەوه بۆ خەیاڵ شێوەکان بە وشە دەگوازرێتەوە.

زۆر لە هونەرمەندان ئەو پەیوەندییە قووڵەیان هێناوەتەدی که لەنێوان ئەدەب و هونەری شێوەکاریدا هەیە، خوێندنەوەکانیان بۆ ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و داستانەکانیان کردۆته تابلۆی مێژوویی، بۆ نموونه (دیلاکرۆ) کە پێشەنگی قۆناغی ڕۆمانتیکییه له هونەردا لەسەر بنەمای (Roman) کە وشەیێکی لاتینییە بە مانای گێڕانەوه دێت، کاره هونەرییەکانی داڕشتووه. زۆر لە تابلۆکانی کاری ئەدەبین، چیرۆک و داستانی دراماتیکی و شاعیرین، کەش و هەوای تابلۆکانی ڕەگەزه ناسراوەکانی نێو کتێبەکانن، بەهەمان شێوه لەلای (ڤیکتۆر هوگۆ) نووسین داڕشتنی تابلۆیه.

وشەی شیعری کە ئیماژی ڕەنگ و توخمه شێوەییەکان دەگەیەنێت، ڕستەیێک یا کۆپلەیێک! پێکدێن، وەک تابلۆیێکی سێ ڕەهەندی یاخود ئەبستراکت خۆ نمایش دەکات. بۆ نموونه ئەو حاڵەته دەروونییانەی کە پەیوەندی بە زاراوەی نۆستەلژیا، بیرەوەری، غوربەت، خەم و پەژاره، خەیاڵی عیشق... ئەوانه، ڕەنگه ساردەکان وەک شین و مۆر بە تۆنه جیاجیاکانیانەوه، له دوورایی ڕەهەندی سێیەمەوه دەگەیەنن. کەچی گەشبینی، خۆشەویستی، سۆز، دڵخۆشی... ڕەنگی پەمبەیی و سەوزی گیایی هەڵدەگرن، بەڵام وشه ڕادیکالییەکان وەک ڕاستەقینه، شۆڕش، خاک و خێزان، کەرامەتی کەسایەتی و میللەت... بەگشتی ڕەنگه گەرمەکان وەک سوور، نارنجی، زەرد دەگەیەنن. ڕەنگی قاوەیی، ئۆکەر که قاوەییەکی کاڵە بەرەو نارنجی دەچێت، وشەی مێژوو و ڕووداوی زەمەنه دوورەکان پیشان دەدەن. سپی؛ ئاشتی و لەدایکبوونی ژیانێکی نوێیه و ڕەشیش؛ مردن، بەدبەختی، بێ هوودەیی...هتد دەگەیەنێت.

لێرەدا خوێندنەوەی تابلۆ له ڕوانگەی ئەدەبییەوه، یاخود کاری ئەدەبی له ڕوانگەی شێوەکارییەوه کە مەسەلەیێکی ئێستێتیکی و ڕۆحییە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا هەیە و بەیەکەوه مێژووی هەستی میللەتان دروست دەکەن، مرۆڤ تێیدا ئاسوودەیی و ڕاستییە ئەزەلییەکان دەبینێتەوه. هەر له کۆنەوه ئەو خوێندنەوەیه له نێوانیاندا کراوه و هەمیشه بەیەکەوه قۆناغەکانی کولتووری شارستانیی میللەتانیان دروست کردووه.